قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو خەڵکی شانازی دەکەن بە (دروستکردن وڕازاندنەوەی) مزگەوتەکان

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو خەڵکی شانازی دەکەن بە (دروستکردن وڕازاندنەوەی) مزگەوتەکان».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والنسائي وابن ماجه]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە لە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی قیامەت وکۆتایی دونیا ئەوەیە خەڵکی شانازی دەکەن بە ڕازاندنەوەی مزگەوتەکان، یان شانازی دەکەن بە دونیا لە نێو مزگەوتدا؛ لەکاتێکدا مزگەوت تەنها بۆ یادی خوای گەورە دروستکراوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10897